# سینەمای ئۆسکار لەهەولێر دروست دەکرێت

تایبەت بە میدیا/ لەسەر پێشنیاری راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەتی کوردستان، بەمزووانە بەردی بناغەی سینەمایەکی ٤ نهۆمی لەهەولێر دادەنرێت.

هەڵکەوت زاهیر، راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەتی کوردستان بە (میدیا)ی راگەیاند کە ناوی سینەماکە (ئۆسکار)ە و بە بڕیاری سەرۆکی حکومەت کوردستان بە سیستمێکی مۆدێرنی ئەورووپی لەسەر رووبەری ٢٥٠٠ مەتر دووجا لەشەقامی گوڵانی شاری هەولێر دروست دەکرێت.

راوێژکاری هونەری راشیگەیاند سینەماکە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە ئەنجامدەدرێت و هەر نهۆمێکیش تایبەتە بە نیشاندانی فیلمە جۆراوجۆرەکان و بە ژێر نووسی کوردییەوە، کە لەوانە نهۆمێکیان تایبەتە بە نیشاندانی فیلمی کوردی. لەکاتی دانانی بەردی بناغەی سینەماکەش دەبێت بە ٢٠ مانگ تەواو بکرێت.